ڕەخنەگرتن باش نییە!

کە لە شەڕدا بووین، نابێت کەس ڕەخنە بگرێت، کە لە ئاشتیدا بووین، نابێت کەس ڕەخنە بگرێت، هیچ کاتێک نابێت کەس ڕەخنە بگریت، چونکە ڕەخنەگرتن باش نییە!

سیاسەتمەداران و لایەنە سیاسییەکانی کورد، کارەسات دوای کارەسات، تێشکان دوای تێشکان، بەسەر کورددا دەهێنن، بەڵام هەموو دەبێت ڕانەمەر بین و بەستەزمان بین و هیچ نەڵێین و هیچ نەنووسین و هیچ نەکەین!

کارەساتەکانی کورد و تێشکانەکانی کوردایەتی، لە مێژووی شەڕی ناوخۆی جەلالی-مەلایی، تێشکان و هەرەسی شۆڕشی 14 ساڵەی ئەیلوول، تێشکان و هەرەسی شۆڕشی نوێ دوای ئەنفالەکان، تێشکان و کارەساتی شەڕی یەکتر کوشتنی یەکێتی-پارتی دوای ڕاپەڕین، کاتی ئێستایش، تێشکان و کارەساتی کوردە ئێزیدییەکانی شەنگال، لەو مێژووەوە هەتا ئێستا، دەموچاوە سیاسییەکان هەر ئەوانەی ڕابووردوون و نەگۆڕاون، ئەی بۆچی دەبێت ئەو مافەمان نەبێت بپرسین، کێ بەرپرسیار بوو، کێ بەرپرسیارە، کێ تاوانبار بوو، کێ تاوانبارە،کێ دەبووایە دادگایی بکرایە، کێ دەبێت دادگایی بکرێت!؟ ئەرێ بەڕاستی، سیاسەتمەدار و لایەنە سیاسییەکانمان، ئێمەی کورد بە نەتەوە دەزانن یان بە ڕانەمەڕ!؟

لە ڕوانگەی بەرژەوەندپەرستانەی سیاسەتمەداران و لایەنە سیاسییەکانی کوردەوە، هەر کەسێک ڕەخنە لە هەڵە و تاوانەکانیان بگرێت، ئەوە کەسێکی ئاژاوەچییە، تێکدەرە، نەزانە، لە هەموو ئەمانەش خراپتر بەکرێگیراوی بێگانەیە و نیشتمانفرۆش و ناپاکە، بەڵام هێنانی سوپای بێگانەی دوژمنی کورد و داگیرکەری کوردستان لەلایەن خۆیانەوە بۆ سەر یەکتر و بۆ لووتشکاندن و لەناوبردنی لایەنە نەیارە کوردە هاوزمان و هاونیشتمانییەکانیان، ئەمە سیاسەت و نیشتمانپەروەری و کوردایەتییە!؟ .....
ئای..... سیاسەتی کوردی، چ کارەساتێکە بۆ کورد و کوردایەتی!

بەختیاری شەمەیی

24.08.2014